★ پێویست نییە رێگەپێدان هەبێت بۆ رۆژنامەوانی پێویستییەکانی تۆمارکردن بۆ کاری رۆژنامەوانی.

★پێویستە دەستەبەری سەربەخۆی هەموو لایەنەکانی دەسەلاتی رێکخستن لەسەر هۆیەکانی راگەیاندن بەهەموو ئەو لایەنانەی کە بەرێوەبەری هۆیەکانی راگەیاندنی گشتی دەکەن.

★ پێویستە دەستبەری مافی رۆژنامەوانەکان لەپارێزگاری سەرچاوەکانی زانیارییە نهێنییەکان بکرێت.

★پێویستە رۆژنامەوانەکان ئازادی پەیوەندی کردنیان هەبێت بەهەر رێکخراوێکی پیشەییەوە کە هەڵی دەبژێرن.

**★ پێویستە دەستور کۆتکردنی ئازادی رادەربڕین رێگە بدات تەنها لەکاتێکدا:-**

- یاسا بڕیاری لەسەربدات بەگوێرەی لیستێك لەئامانجەکان کە دانراوەو دەستوور بڕیاری لەسەر دەدات.
- دەسەلات پێدادەگرێ کە ئەو کۆتانە پێویستن لەکۆمەڵگای دیموکراتی.
- پێویستە دەستەبەری دەستوری بۆ ئازادی رادەربڕین ناچاری بێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ دژی دەولەتو دژی لایەنە تایبەتەکانو پێویستە ئەو مافە سەرەکی بێت لەسەر یاسادانانی ناوخۆی بێ رێککەوتن لەگەڵ ئەم مافەو لەسنووری رێکنەکەوتن- پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە دەقێکی راشکاو زیاد بکرێت بۆ دەستوور، مافە پێدراوەکان لەپەیماننامە نێودەوڵەتیەکان گرێ بدرێت بەیاسای عێراقی.



## ئەنجامەکانی شیکردنەوەی ناوەرۆکی بەڵێنامەی شەرەف

لەدوای شیکردنەوەی ناوەرۆك حەوت لەگرنگترین بەڵێننامەی شەرەفی راگەیاندن کەپشتی پێ دەبەسترێت لەچەندین وڵات دەرکەوت، هەڵبژاردن لەچوارچێوەی نمونەیەکی مەبەستدار چونکە ئەم بەڵێنامانە وڵاتانێك دەنوێنێت کە ناسراون بەدێرینی رۆژنامەوانیانو سیستمە دیموکراتیەکانیانو ئەوانەی کە هەوڵی گەیشتن پێیانو بارودۆخیان نزیکە لەگەڵ بارودۆخمانو رێك دەکەوێ لەسەر بەشکارو بیروباوەڕی هاوبەش سەرەڕای جیاوازی لەکۆمەڵگاکانو سیستمەکانی رۆژنامەوانی لەو وڵاتانە

وە ئە ریککەوتنامانەی کە لەژێر لێکۆڵینەوەبوون ئەمانەن:-

★ کۆمەڵەی کەنەدی رۆژنامەوانەکان

★ کۆمەڵەی کبیکی رۆژنامەوانەکان

★ واشنتن پۆست

★ بۆسنەو هەرسك

★ کۆمەڵەی سەنوسەرانی رۆژنامەوانەکان

★ کۆمەڵەی سویسری رۆژنامەوانەکان

★ یەکێتی نەتەوەی بەریتانی رۆژنامەوانەکان

★ ئازادی رادەربڕین – ئازادی رۆژنامەوانی

ئەمانە زۆر دەست نیشانی مافی گشتی دەکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان، هەموو دەست نیشانی وردەکاری دەکەن، جەخت



لەسەر راستی زانیاریەکانو راستکردنەوەی هەوڵەکانو نەشاردنەوەی زانیاریەکانو روونی لەکۆکردنەوەی زانیاریەکانو دەست پاکیو بێ لایەنی، بیرکراوەی تاقی کردنەوەی هەموو لایەنەکانی کێشەکە، پێکدادانی بەرژەوەندییەکان، بەرتیلەکان، دیاری – ریای کردن، ژیانی فەرمانبەرانی کەسایەتی (رامیاری- دارایی)، جیاکردنەوە لەنێوان هەواڵەکان، راستی و ڕاکان، کردنەوەکان، خەملاندن و شیکردنەوە.

رێزگرتنی ژیانی تایبەتی تاكو دەستەبەرکردنی مافی کۆمەڵ لەراگەیاندن، رای گشتی چەندان دەستنیشان بۆ راستی دەکەن لەدادگای دادپەروەری، چەندان دەستنیشان بۆ تایبەتمەندی قوربانیان دەکەن، چەندان دەستنیشانی پاراستنی منداڵان دەکەن، هەمەوان هان لەسەر سەرچاوەی زانیاری دەدەن، پەیوەندی زانیاری، بەلام لەسەر هەمووانە پارێزگاری سەرچاوەکە بکەن لەکاتی بەڵێندا.

هەمووان قەدەغەی هەڵنان لەسەر جیاکردنەوە بەدەستنیشان کردن بۆ رەگەز، ئابرو، ئاین، رەنگ، کەمئەندام.

بانگەواز بۆ بڕیاردانی چەندایەتی، کێشەکانی تر، یەکێك تایبەت ئیدانەی هەڵنان لەسەر توندوتیژی دەکات، رێزگرتنی چەشنی باش (وڵاتە یەکگرتووەکان)، پارە مەدەن بۆ زانیاریەکان قەت.

دەستەبەری گەیشتن بەزانیاری دەکەم بەجیاوازی کۆمەڵەکان- سەربەخۆی لەدەوڵەت، پەیوەندیەکان لەگەڵ خاوەنکارەکان



## شێوازەکانی بەڵێنامە:

جۆراو جۆری دێری لەیەك پەرەو بۆ دەیان پەرە، بەڵێننامەی گشتی – نوسراوەتەوە بۆ هەمووان، مامەڵە لەگەڵ کێشە گرنگەکان دەکات لەو کۆمەلگایەو باسی چۆنێتی رۆژنامەوانی دەکات: پێویستە چۆن بێت لەسەر ئەوە کۆت، سنور بنەما بنەڕەتییەکان دیاری دەکات.

بڕیاری شیکردنەوەی پێویست دەدات بۆ، هاوسەنگی مافەکانو بۆ دۆزینەوەی نزیکایەتی لەگەڵ هزری راگەیاندنو هەوڵی ناسینی خاڵەکانی یەکگرتنیو جیاوازی یان دەرکەوتن لەنێوان بۆچونی رێکخراوەکانی پیشەیی عەرەبیو عێراقی بۆ رێبازە بنەڕەتییەکان کەدەبینێ ئەوە گونجاوە ئەژماری بکرێ لەبروانامەیەك چوارچێوە بێت بۆ ئاکارەکانی کارکردن لەراگەیاندن بۆیە رەشنوسەکانی (بەڵێنامەی شەرەفی کارمەندانی راگەیاندن) خرایە ژێر شیکردنەوەی ناوەڕۆكو بەراوردکردنی ئەنجامەکانی لەگەڵ ئەنجامەکانی شیکردنەوە پێشوودا کەبەڵنامەی شەرەفی نێودەوڵەتی، وە ئەو بەڵێنامانە ئەمانەن:

★ بەڵێنامەی دەستەی گەیاندن و پەخشکردن.

★ بەڵێنامەی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان.

★ بەڵێنامەی یەکێتی رۆژنامەنوسانی عەرەب.

★ رێبازەکانی ئاکاری یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسی کوردستان دەستەبەری دەکات.

★ بەڵێنامەی فیدرالی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان.